الاتحاد العام للاجئين العراقيين

THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# پەیامیك بۆ پەنابەرانی كورد و عیراقی لە سویسرا

## جاریكی تر بۆ بەدەستهینانی مافەكا نمان بینەوە بە ڕەجكە شكێن

لە هەمان هەفتەی بڕیاردانی هاتنەمەیدان وخۆپیشاندانی ئێوەی پەنابەران لە سویسرا، بۆ داكۆكی كردن لەمافی نیشتەجی بوون و پەنابەریتان، دۆستێكم لە كوردستان پیٚ ی ووتم : (( چەند سالێك لەمەوبەر لە جەهەنمی ئەم ولاتەوە ڕوومكردە هەندەران بەهیوای ئەوەی كە بستەزەمینیك بدۆزمەوەو وەك ئینسان تێدا بژیم.... بەلام تراژیدیای چاوەڕوانی هەموو هیواكانی لەدەستدام، ئەمڕۆ كە زیاتر لەسالێكە بەناچاری یا بەهیوای ژیانێكی ئینسانی تر گەڕاومەتەوە كوردستان، دەمەوێت جاریكی تر لەجەهەنەمی ئەم ولاتەی بیٚ سەدام حسین و حكومەتەكەی دەربازببمەوە ، ئاخەر لەم ولاتەدا بەهایەك بۆ بوونمان نیە )).

پەنابەرانی ئازیز / بەهای بوونمان بەرئەنجامی هەلویست گرتن و داكۆكی كردنە لە ماف وئازادیەكانمان . ئەمڕۆ دەبینین و دەبیستین كە چۆن دیسان ئەم ولاتانە جاریكی تریش سەرگەرمی تاوتۆی كردنی فایلی پەنابەران و دەیانەویت بمانگەرینەوە ئەو ولاتەی كە پاش رووخانی سەدام حسین و حكومەتەی یاساو دستەلاتدارانی ئەم ولاتانە (( مزگینی ئەوەمان پیٚ دەدەن كە چۆن ئاشتی و ئازادی و بەختەوەری و ژیانیكی شایستە بە ئینسان بالی كیشاوە بەسەر ژیانی تاكەكانی خەلكی ئەم ولاتەدا ، كەچۆن عدالەت و بەرابەری بووەتە هیمای ناسینەوەی حزب و دەستەلاتەكانی پاش سەدام حسین و سەرانی بەعس )) . بۆیە دەیانەویت لەڕێگەی كەمكردنەوەو بڕینی خزمەتگوزاریەكانمانەوە، لەڕیگەی دەركردن لەسەركارو كەمكردنەوەی سوشیالەكانمانەوە ناچار بەگەڕانەوەی خۆ ویستانەمان بكەن. یا دەیانەویت بیر لە خۆكوشتن ودەم دورین بكەینەوە. یا دووچاری خەمۆكی ونا ئومیدی و سەرگەردانیمان بكەن. یا هەرنەبێت دەیانەویت ناچار بە پیچانەوەی بارگەمان بكەن و لەیەكیك لەو ڕێگە نایاسایانەی كەخۆیان ناچارمان دەكەن خۆمان بدەین بە دەست قەدەرەوەو روو بكەینە یەكیكی تر لەو ولاتانەی كە دەرگایان بەسەرماندا داخراوە. بەلیٚ ئەمڕۆ دەبینین و دەبیستین كە هەزاران پەنابەری كوردو عیراقی پاش سالیانیكی دورودریژ چاوەرانی، پاش قوربانی دانیكی زۆر و رەزالەت و ی بەجیهیشتنی دەیان و سەدان ئەزیزامان لە نیو دەریاو ریگەو بانەكانی ئەم سەفەرە لیوالیو لە مەرگ و چاوەرانی یەدا، تەنانەت بۆ زۆریكیشمان پاش قوربانی كردنی تەمەنی لاویەتیمان و پاش دابران لە جگەرگۆشەو ئەزایزانمان دەیانەیت ناچارمان بكەن بەوەی بمانگەرینەوە بۆ ئەو شوینەی كە خەربەریك لە بەهای ئینسانمان نی یە . پەنابەران قوربانیانی شەور كوشتارو نا ئەمنی وبیٚ مافی، ئیوە ئەی قوربانیانی پەیوەندی و بەرژوەندی یەكانی ئەم ولاتانەو حكومەتەكەی ئەمەریگا لە عیراق و كوردستان تەنها ریگەیەك لەبەردەمتانا مابیتەوە پیٚ داگرتنە لەسەر بەدەستهینانی مافی خۆتان و هاتنە مەیدانتانە بۆ دیفاع كردن لە ماف و حورمەتی ئینسانیتان . دلنیا بن لەم ڕاوەستانەوەو نارەزایەتی دەربرینەتانا تەنیانین و بەرەیەكی فراوان لە بەشەریەتی متەمەدین و بەرابەرخواز لە پشت سەرمانەوە وەستاون و چاوەروانی مارشی شەقامی ئێمەن. ئەم هەنگاوەی ئیوە پەنابەرانی كوردو عیراقی لە سویسرا سەرەتای كارمانەو دەبیت جاریكی تر هاتنەمەیدانی بزوتنەوەی پەنابەری بیتەوە سەردیری پڕ تیراژتیرین ڕۆژنامەكانی ئەوروپا.

بۆ ئەم مەبەستە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بە تەواوی تواناوە لەسەنگەری پێشەوەی ئەم نەبەردەدا راوەستاوەو بۆ گورینی باردۆخی ژیانی ئیوەو مسۆگەركردنی داخوازیەكانتان . كەواتە باپیكەوە ئەم ژیانە نائینسانیانە بگۆرین و بەم هەنگاوە میژوویەكی نۆیٚ تۆمار بكەین و بینە داینەمۆی هاتنە مەیدانی هەموو پەنابەرانی كوردو عیراقی لە هەموو ولاتانی دنیا .

ئەمرۆ لە سویسرا سبەینی لە بەریتانیاو سوید .... ژیانی شایستە بە ئینسان خەبات و تیكۆشان و یەكگرتن و هاوپشتی و تیكۆشانی دەویت. مرۆڤ خۆی میژووی خۆی تۆماردەكاو دەتوانیت دەورو كاریگەریەكی بەرچاوی هەبیت لە دیاری كردن و ئاراستەكردنی ژیانی ئایندەیدا ، كەواتە باجاریكی تریش سویسرا بكەینەوە بە مەیدانی رەجە شكاندن و بە بەرز كردنەوەی دەنگی بژی مافی نیشتەجی بوون ، بژی مافی پەنابەریمان ، نا بۆ دیپورت كردنەوەو بیٚ مافیمان مسۆگەر بكەین !

ریبوار عارف سكرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

2005 / 6 / 1